بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# كۆمەڵناسی سیاسی

م. توانا عثمان محمدامین
قۆناغی چوارەم – كۆمەڵناسی

- (دکتۆر حاکم المطیری)، لە کتێبی(ئازادی یان تۆفان)دا، باسی پەیمانی کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا کردووە.

- پێیوایە کە پەیوەندی نێوان **ئومەت(کۆمەڵگا)** و **ئیمام(دەسەڵات)**، لەسەر گرێبەستی نێوان هەردوولا وەستاوە کە **ئومەت(کۆمەڵگا)، تێیدا ڕەسەنتر و لەپێشترە.**

- ئیمام **نوێنەری** ئومەت(کۆمەڵگا)یە، بۆ ڕاپەڕاندن و بەڕێوبردنی کاروبارەکانی.

- فەرمانڕەوایی و دەسەڵات، بە **ڕاسپاردنی خودایی(التفویض الالهی)** و **مافی میراتگری** نین. بەڵکوو بە **گرێبەستی بەیعەتە**، لە نێوان ئومەت و ئیمامدا.

- لەمەشدا ئیسلام پێش ڕۆژئاوا کەوتووە، لە دیاریکردنی ئەو بناغە فەلسەفییەی، بەهۆیەوە دەسەڵات پیادەی سەڵاحیەتەکانی دەکات، بە پێی بیردۆزی گرێبەستی کۆمەڵایەتی.

- به شێوەیەک تاکەکانی کۆمەڵگا، لە ڕێی ئەو پەیمانەوە واز دێنن لە هەندێ لە ئازادییەکانیان بۆ دەسەڵات، لە پێناو ڕێکخستنی کاروبارەکانیان و بەڕێوبردنی بەشێوەیەک کە بەرژەوەندی کۆمەڵگا بەدی بهێنێت.

- ئیسلام، دەستپێشخەر بووە لە سەقامگیرکردنی بنەمای گرێبەست، نەک لەسەر بنەمایەکی فەلسەفی بیردۆزی، بەڵکوو لەسەر بنەمایەکی واقیعی کرداری.

- ئەوەتا یەکەم گرێبەستێک لە دەوڵەتی ئیسلامیدا بریتییە لە، گرێبەستی **(پەیمانی عەقەبە)**، کە لەسەر بناغەی ئەو پەیمانە دەوڵەتی ئیسلامی لە شاری مەدینە بەرپا بوو.

- گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەوڵەتی ئیسلامی، ڕاستییەکی مێژووییە و بە ڕەزامەندی هەردوو لا بەدی هاتووە، واتە بە **ڕەزامەندی خەڵکی مەدینە و پێغەمبەر(د.خ).**

- پێغەمبەر(د.خ) لەگەڵ خەڵکی مەدینەدا دوو پەیمان و بەیعەتی گرێداوە، **بەیعەتی یەکەم** لەسەر بابەتی **ئیمان** بوو، بەڵام **پەیمان و بەیعەتی دووەم** بۆ بەرپاکردنی **دەوڵەت** بوو، ئەویش بریتی بوو لە گرێبەستی **(پەیمانی عەقەبە).**

**بەشداری سیاسی- المشاركة السياسية:**

- **بەشداری سیاسی** یەکێکە لە بابەت و پرسە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی سیاسی.

- لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا (١٧٨٩)، لە ئەنجامدا **ڕێکخستنەوە** و دارشتنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بە سیستەمە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییە جۆراوجۆرەکانییەوە، خاوەنانی دەسەڵاتی سیاسی هەوڵ دەدەن چینی **خەڵکی(گشتی)**، لە هەندێک لایەنی چالاکیی سیاسیدا لەنێو ژیانی سیاسی کۆمەڵگادا تێکەڵ بکەن.

- چەمکی بەشداری سیاسی، بەواتای **بەدەستهێنانی مافی سیاسی بەشێک لە جەماوەر(ئەندامانی کۆمەڵگا)، لە هەندێک ماف و بابەتی سیاسیدا.**

- ئەمەش بە تایبەتی بە مانای بەشداریکردنە لە پرۆسەکانی **هەڵبژاردن**.

- پرسی **رۆڵی هاووڵاتی لەسەر پرۆسەی بڕیاردان**، لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەوڵەتی و نیشتمانی، بووەتە جێگەی سەرنجی زۆرینەی ئەو پێناسەیانەی کە سەبارەت بە چەمکی بەشداری سیاسی خراونەتە روو.

- "هێربێرت ماکلۆسی" بەشداری سیاسی بەم شێوەیە وەسف دەکات، ئەو چالاکییە **خۆویستانەیە** کە ئەندامانی کۆمەڵگا بە ئامانجی هەڵبژاردنی فەرمانڕەوا و نوێنەرەکانیان ئەنجامی دەدەن.

- هەروەها **بەشداریکردنە لە بریارە سیاسییەکان** بە شێوەیەکی(ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ)، واتە بەشداری تاکەکانی کۆمەڵگایە لە ئاستە جیاوازەکانی سیستەمی سیاسیدا.

- "هانتینگتۆن" و "ویلسۆن"، دەڵێن: بەشداری سیاسی، واتە ئەو چالاکیانەی کە هاووڵاتییان ئەنجامی دەدەن بە مەبەستی **کاریگەری کردنە سەر پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی حکومەت.**

- ئەمەش بەو مانایەیە کە بەشداریکردنە بە ئامانجی گۆڕانکارییە لە بریارەکانی سیستمە سیاسییەکان، بە شێوازێک کە لەگەڵ داواکاری ئەو تاکانەدا بگونجێت کە بەشداری سیاسی دەکەن.

- لەگەڵ ئەوەی بەشداری سیاسی مافی هاووڵاتییە لە کۆمەڵگادا، بەڵام **ڕێژەی ڕاستەقینەی بەشداریکردن لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە و لە قۆناغێکی کاتییەوە بۆ قۆناغێکی دیکە دەگۆڕێت.**

- بەمەش بەشێک لە بیرمەندان پێیاوایە، سێ پۆل هەیە لە ئەندامانی کۆمەڵگا، کە نوێنەرایەتی سێ هەڵوێست دەکەن - سەبارەت بە بەشداریکردنی سیاسی، ئەوانیش بریتین لە:

أ- **بێباکانەکان**: ئەوانەن کە بەشداری ناکەن، یان لە پرۆسەی سیاسی کشاونەتەوە.

ب- **تەماشاکەران**: ئەو کەسانەن کە کارلێکێکی کەمیان لەگەڵ پرۆسەی سیاسیدا هەیە.

ج- **ململانێکاران**: ئەوانەن کە چالاکن یان تێکەڵاون لەگەڵ لە سیاسەتدا.

- پێیانوایە کە بەشی دووەم زۆرینەی هاووڵاتیان پێکدەهێنێت، بەشی سێیەمیش نوێنەرایەتی کەمترین ڕێژە لە ئەندامانی کۆمەڵگا دەکەن.

- لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە: بۆچی خەڵک بەشداری سیاسی دەکەن؟ لە لایەکی ترەوە بۆچی هەندێک کەس لە ڕووی سیاسییەوە بێباک دەبن؟ ئەم دوو پرسیارە کە پێچەوانەن، سەرنجی کۆمەڵناسانی سیاسییان وڕوژاندووە.

- زانا(هارۆڵد لاسوێڵ)، پێیوایە بەشداری سیاسی پلەیەک لە **ڕەزامەندی کۆمەڵایەتی** بەدەست دەهێنێت، هەروەها دەبێتە هۆی بەدەستهینانی **دەسەڵات** و **سەروەت** و **سامان** و **خۆشگوزەرانی**، هەروەها دەبێتە هۆی **تێرکردنی لایەتی سۆزداری**، یاخود دەبیتە هۆی بەدەستهێنانی **سەقامگیری و ڕێز.**

- سەبارەت بە "لین"، باسی لە کۆمەڵێک پێداویستی و پاڵنەری سۆزداری و نائاگایی کردووە کە دەتوانرێت بە بەشداریکردن لە ژیانی سیاسیدا تێر بکرێن، لەوانە پێداویستییە **ئابووری**، **ماددی** و **دۆستایەتییەکان**، کەمکردنەوەی **ناسەقامگیری دەروونی**، پێداویستی **تێگەیشتن لە جیهانی دەوروبەر**، تێرکردنی پێویستی **مومارەسەی دەسەڵات لەسەر ئەوانیتر**، پاشان پێداویستی **ڕێزگرتنی خودی** و کارکردن بۆ باشترکردنی.

- بەشداری سیاسی بە مانا فراوانەکەی، پەیوەندی بە پێدانی مافە بە هەموو **ئەندامانی عاقڵ و پێگەیشتووی کۆمەڵگا**، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێکخراو بەشداری بکەن لە بڕیاردانی سیاسی پەیوەست بە ژیانی خۆیان لە کۆمەڵگادا، مومارەسەی ئەم مافە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە، دوور لە فاکتەرەکانی **فشار و زۆرەملێ**، واتە **بەشداریکردن دەبێت لە چوارچێوەیەکی ئازاد** بێت.

- سەبارەت بە مانای بەشداری سیاسی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە، ئەو پرۆسەیەیە کە لە ڕێگەیەوە **تاک دەتوانێت ڕۆڵی لە ژیانی سیاسیدا** بگێڕێت، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری، بەمەرجێک هەموو هاووڵاتییەک ئەو دەرفەتەی بۆ برەخسێندرێت بۆ بەشداریکردن.

- بەشداری هاوڵاتی لەم هەوڵانەدا لەسەر بنەمای **پاڵنەری خودی و کاری خۆبەخشانە** دەبێت، کە ئەمەش دەربری **هەستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی هاوڵاتیان** بەرامبەر بە ئامانجەکانیان و کێشە هاوبەشەکانی کۆمەڵگاکەیان دەخاتە روو.

- دەتوانین بڵێین، **بەشداری سیاسی بەشێوازێکی تەندروست، پەیوەندی بە ئاستی هۆشیاری ئەندامانی کۆمەڵگاوە هەیە لە هەر کۆمەڵگایەکدا.**



زۆر سوپاس